# قوتابێتی - 1

## وانەی دەیەم

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداری کردن

**ئینجیلی یۆحەنا**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی روحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە روحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (یۆحەنا4: 23 - 7: 5) لەگەڵ رەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## متمانەی رێنمایی خودا پەندەکان3: 5-6

**دەرخ کردن**

### ئـ هاندەری دەرخ کردن

**بخوێنە:** (وتەکان6: 4-9).

**گفتوگۆبکە:** ئایا گرنگی دەرخ کردنی هەندێ لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو ئایەتانەی دەرخی دەکەیت یارمەتیت دەدەن فێرکردنی راست هەڵبژێری.

### ب) رامان

| ئایەتەی دەرخ کردن لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | متمانەی رێنمایی خودا<br>*پڕ بەدڵ پشت بە خوداوەند ببەستە و بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە. لە هەموو رێگاکانت بیناسە، ئەویش رێچکەکانت راست دەکات* (پەندەکان3: 5-6) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |
|---|---|---|

**1** پڕ بەدڵ پشت بە خودا ببەستە

(پشت بەستن) بە خودا واتا خودا بکەیتە بنچینەی پتەوی ژیانت، یاخود ژیانتی بە تەواوەتی پێراسپێری. هەروەها واتا پشتی پێببەستی بۆ ئەوەی رزگارت بکات و لە باوەڕت بونیاتت بنێ و رێبەریت بکات. باڵەخانە دروست ناکرێت لەسەر نیو بنچینە. هەروەها ژیانی باوەری بەهێز دروست نابێت لەسەر نیو باوەڕهێنان بە خودا. ناتوانیت تەنها بە نیوەی دڵت پشت بە خودا ببەستی. بۆیە پێویستە هەمیشە پشت بەستن بە تێگەیشتنی مرۆیمان رەت بکەینەوە بۆ شتەکان و بەڵێن بدەین بە پشت بەستن بەتێگەیشتنی خودا بۆ شتەکان. مەشق بکە لەسەر بینینی شتەکانی سەر زەوی بە لایەنی بینینی خودا لە ئاسماندا (زەبووری73: 16-17).

**2** لە هەموو رێگاکانت خودا بناسە

چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی زانستی خودا لە هەموو رێگاکانمان بناسین؟

ئـ) شەرم نەکەین کە باوەڕدارین، هەروەها شەرم نەکەین لە ئەنجامدانی کارەکان بە پێی باوەڕمان (مەتا10: 32-33).

ب) کتێبی پیرۆز بیخوێنین پێش ئەوەی بریاری گرنگ بدەین، بزانین چیمان پێ دەڵێت (کردار17-11).

پ) پێش ئەوەی قسە بکەین یان هەڵسووکەوت بکەین پێویستە نزا بکەین (نەحمیا1: 11).

ت) هەوڵ رەزامەندی خودا بدەین ستایشی بکەین لە هەموو کردەوەیەکماندا (1کۆرینسۆس 10: 31).

3 خودا رێگاکانمان ڕاست دەکات

ئـ) هەندێ جار خودا پیلان و پرۆژەکانمان سەرکەوتوو دەکات (پەندەکان16: 3).
ب) هەندێ جار خودا وادەکات دوژمنەکانمان لە ئاشتیدابن لەگەڵمان (پەندەکان16: 7).
پ) هەندێ جار خودا دەرگای داخراو و دڵی کلیلدراو دەکاتەوە (کۆلۆسی4: 2-4).

پ)
دەرخ کردن

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکە لەسەر کاغەزێکی سپی یاخود لە پەڕاوی تێبین بنووسە.
**دەرخ بکە:** بەشێوەیەکی ڕاست ئایەتەکە دەرخ بکە، متمانەی ڕێنمایی خودا، (پەندەکان3: 5-6).
**پێداچوونەوە:** گروپەکە بکە دوو بەش، هەر یەك لە قوتابیان دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێکەی ئایەتەکەی دەرخکرد.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

### بۆچی من لێرەم؟

بینین21: 1 - 22: 6

شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (بینین21: 1 - 22: 6) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی 1 بخوێنە

**بخوێنە:** با پێکەوە (بینین21: 1 - 22: 6) بخوێنینەوە. با بە ڕیز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی بڕگە کتێبییەکە.

هەنگاوی 2 بدۆزە

**بیرکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەژداری کردن:** (پاش بەسەر بردنی هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین، بەشداری بە بیرۆکەکانتان بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، گرنگ نییە هاوشێوەی یەکبن).

**دۆزینەوەی** 1 بەلای منەوە ڕاستی گرنگ لە (بینین21: 3-4)دایە. پێش ئاسمان و زەوی نوێ، شوێنی خودا لە ئاسمان بوو، لەوکاتەی شوێنی ئێمە لەسەر زەوی بوو. لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانین لەخودا نزیك ببینەوە لە ڕێگای باوەڕمان بە عیسای مەسیحی خوداوەند، بەڵام تا ئێستا نادیارە بۆمان! بەڵام لەپاش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، ئاسمانی نوێ لەسەر زەوی نوێ دەبێت، ماڵی خوداش لەنێو گەلەکەی دەبێت! بەم شێوەیە، لە توانامان دادەبێت (وەك باوەڕدار)ی خودا ببینین و لێی نزیك بینەوە. لەسەر زەوی نوێ پەیوەندی لەگەڵ خودا گرنگترین ڕووداو دەبێت! پەیوەندی لەگەڵ خودا زۆر کەسی و نزیك دەبێت. هەروەها خودا هەموو شوێنەوارێکی گوناه و ناڵاندن لە سەر زەوی نوێ دەسڕێتەوە، هەموو فرمێسکێك لە چاوم دەسڕێتەوە، شوێنەواری گوناه و ڕەشبینیم تیمار دەکات. هەروەها وام لێدەکات لە ڕووناکی زانیاری و خۆشی و پیرۆزی بژیم. ڕووخساری خودا دەبینم.

---

**دۆزینەوەی** 2 بەلای منەوە ڕاستی گرنگ لە (بینین22: 3-5). لە سەر زەوی نوێ، گەلی خودا بە شتی زۆر گرنگ سەرقاڵ دەبن. چونکە زەوی نوێ بە میراتی بۆیان دەبێت، دەبنە خاوەنی زەوی نوێ، خزمەتی خودا دەکەن لەسەر زەوی نوێ. چونکە ژیانی تاهەتایی ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە تاهەتایی تەنها دادەنشین بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بکەین، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە لە تاهەتایی بە ئەنجامدانی کارە هەرە گرنگەکان بەسەردەبەین! لەگەڵ هەموو باوەڕدارانیتر بە عیسای مەسیح دەبینە شانشینی خودا

بە میراتی بۆمان دەبێت بەشێوە نوێیی کە بە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ دەناسرێت. ئەوکات لەگەڵ خودا خاوەنداریەتی ئەم شانشینە دەکەین، واتە لەسەر زەوی نوێ، خزمەتی خودا دەکەین و هەموو زەحمەتی و ماندوویی لادەچێت، هەروەها گەنجینە و شکۆمەندی هەموو گەلێکی بۆ دەبەین کە شانشینی خودای لێ پێك دێت. زەوی نوێ پەیوەندی لەگەڵ خودا گرنگترین رووداو دەبێت! پەیوەندی لەگەڵ خودا زۆر کەسی و نزیك دەبێت. هەروەها خودا هەموو شوێنەوارێکی گوناه و ناڵاندن لە سەر زەوی نوێ دەسڕێتەوە، هەموو فرمێسکێك لە چاوم دەسڕێتەوە، شوێنەواری گوناه و رەشبینیم تیمار دەکات. هەروەها وام لێدەکات لە رووناکی زانیاری و خۆشی و پیرۆزی بژیم. رووخساری خودا دەبینم.

هەنگاوی **3** هەندێ پرسیار بکە

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو راستییانە تێبگەین کە لە (بینین21: 1- 22: 6) ئاماژەی پێکراوە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە روونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداری کردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات.

**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵ بدە وەڵامیان بدەیتەوە لە رێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).

(ئەمانەی خوارە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەرێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

**پرسیاری 1** (21: 1) ئایا پاش گەرانەوەی عیسای مەسیح. باوەڕداران لە ئاسمان دەژین یان لەسەر زەوی؟

**تێبینییەکان:** پاش گەرانەوەی عیسای مەسیح، ئاسمان و زەوی ئێستا لادەچێت و ئاسمانێك و زەویەکیتر دەبێت. باوەڕداران پەیوەندییەکی تەواویان لەگەڵ خودا دەبێت و لەگەڵی دەژین لەسەر زەوی نوێ. هەروەها ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ دەبنە شوێنی راستوودروستی (2پەترۆس3: 13). خەڵکی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر دەگەرێتەوە و گەلی خودا تەنها کاری راست دەکەن. بەڵام ئەو کەسانەی کە گوناه و گەندەڵی دەکەن لەسەر زەوی ئێستا ناچنە ناو ئەو زەویە (بینین21: 27).

---

**پرسیاری 2** (21: 1) بۆچی لەوێ دەریا نییە؟ **تێبینییەکان:**

**ئـا دەریا.** لە کتێبی پیرۆز، (دەریا) ئاماژە بە شێواوی و کێشە دەکات. هێمایەکە بۆ نەتەوە ستەمکارەکان (ئیشایا8: 7) (ئیشایا17: 12). وێنەیێکە بۆ هێزە ستەمکارەکان کە دەبنە هۆی شێواوی و هەرەشەی ژیان. هەروەها ئاماژە بەو نەتەوانە دەکات کە دژی عیسای مەسیح دەپەرستن ﴿*درندەیەکم بینی لە دەریایەکە دەردەچوو*﴾ (بینین13: 1) (دانیال7: 2-7)، هەروەها بابل ﴿*ئەو ئاوانەی بینیت، کە داوێنپیسەکە لەوێ دانیشتووە، گەل و خەڵك و نەتەوە و زمانن*﴾ (بینین17: 15). بۆیە ئەم ئایەتە ناڵێت کە هیچ زەریایەك نابێت، بەڵکو نەتەوەی بت پەرست نامێنن، ئەوانەی دژی مەسیحن، هەروەها هێزی ستەمکار و گەندەڵی نابێت لەسەر زەوی نوێ.

**ب) رووباری ئاوی ژیان.** ئاسمانی ئێستا و زەوی ئێستا و دەریاکانی ئێستا بەتەواوەتی دەگۆڕێت (رۆما8: 2) (2پەترۆس3: 10). گەردوون بە شێوەیەکی شکۆدار نوێ دەبێتەوە. لەجیاتی دەریای ترسناك کە ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسی، ﴿*رووباری ئاوی ژیان*﴾ دەبێت (بینین22: 10) کە خزمەتی مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات لەسەر زەوی نوێ. ئەم گۆڕانکارییە هێمایەکە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت دەگەرێتەوە سەر شێوەی کۆنی لەسەر زەوی نوێ (ئیشایا11: 6-9) (حەزقیال47: 9)! سروشت دەگەرێتەوە ئەو دۆخەی خودا دەیویست لەسەری بێت (کردار3: 21)! لەگەڵ ئەوەشدا رووباری ئاوی ژیان گرنگییەکی هێمایی و روحی سەرەکی هەیە.

**پرسیاری 3** (21: 2) ئەو شتە چییە کە شاری پیرۆز ئاماژەی پێدەکات؟ (ئۆرشەلیم)ی دابەزیوو لە ئاسمان؟ **تێبینییەکان:** ئـا بووک. (بینین21: 2 ، 9-10) بە روونی بۆمان ئاشکرا دەکات کە ئۆرشەلیم بە واتای وشەیی مەبەستی شار نییە، بەڵکو مەبەستی ئاماژە بە (بووکی مەسیح)ە (ئیشایا54: 1-3 ، 11-13). لە پەیمانی کۆن، باوەڕدارە راستەقینەکان بە هێما پێیان دەووترا (بووکی خودا) (ئیشایا62: 5) (ئیشایا54: 5). لە پەیمانی نوێ، باوەڕدارە راستەقینەکان بە هێما پێیان دەووترێت (بووکی مەسیح) (2کۆرینسۆس11: 2). بۆیە هەموو ئەو باوەڕدارانەی دەگەڕێنەوە بۆ ماوەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ بە هێما (ئۆرشەلیمی ئاسمانی) پێك دەهێنن پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح (گەلاتیا4: 21-31) (عیبرانییەکان12: 22-24) (عیبرانییەکان13: 14). هەروەها پاش گەڕانەوەی (ئۆرشەلیمی نوێ) پێك دەهێنن.

**ب) ئۆرشەلیمی ئاسمانی دەبێتە ئۆرشەلیمی نوێ.**

ئۆرشەلیمی نوێ و بووك، هێمان بۆ گەلی خودا، واتا کۆمەڵی باوەڕداران بە (مەسییا) بە درێژایی مێژوو لەسەر زەوی. لەکاتی گەڕانەوەی عیسای مەسیح (هەستانەوەی مردووان، لێپرسینەوەی کۆتایی، ئاسمان و زەوی نوێ). (ئۆرشەلیمی ئاسمانی) لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی بە هەژمار کردنی بە (ئۆرشەلیمی نوێ). پاشان ئاسمانی نوێ دێتە سەر زەوی نوێ. باوەڕداران دەبنە شانشینی بینراو بۆ خودا لەسەر زەوی نوێ. لە پەرتووکی بینینی یۆحەنا ئۆرشەلیمی نوێ بە زاراوەی شکۆدار وەسف دەکات چونکە هیچ شتێك نییە لە گەردوون مەزنتر بێت لەو گەلەی ژیانی هاوبەشی هەیە لەگەڵ خودای زیندوو. لەو کاتەی شاری بابل هێمایەکە بۆ گەلە بێباوەڕەکان و هێمایەکە بۆ سیستەمی کۆن لەسەر زەوی (بینین17: 5)، شاری ئۆرشەلیم هێمایەکە بۆ گەلی خودای باوەڕدار و پیرۆزکراو، هەروەها هێمایەکە بۆ سیستەمی نوێ (عیبرانییەکان 11: 9-10 ، 13-16).

**پ) هێمای گەلی خودا لەسەر زەوی ئێستا و زەوی نوێ.**

لەلایەکەوە (ئۆرشەلیمی ئاسمانی) وێنەیکی نموونەییە کە پێویستە گەلی خودا لەسەری بێت ئێستا پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح! (بینین21: 5) دەفەرموێت *﴿ئەوەتا هەموو شتێك* (ئێستا) *نوێ دەکەمەوە﴾*، هەروەها (بینین21: 6) دەفەرمووێت *﴿لە کانی ئاوی ژیان بە خۆڕایی دەدەمە تینوو﴾*. (بینین21: 7) دەفەرمووێت *﴿ئەوەی سەربکەوێت* (لەسەر ئەم زەوییە) *ئەوانەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، دەبمە خودای و ئەویش دەبێتە کوڕم﴾* (یان دەبێتە کچی) (2کۆرینسۆس6: 81) هەروەها (بینین22: 2) دەفەرمووێت *﴿گەڵای درەختەکەش بۆ چاکبوونەوەی نەتەوەکانە﴾*!

لەلایەکی دیکەوە (ئۆرشەلیمی ئاسمانی) راستییکی نایابە سەبارەت بە دۆخی گەلی خودا کە لەسەری دەبن لەسەر زەوی نوێ لەپاش گەڕانەوەی عیسای مەسیح! (بینین21: 1) دەفەرمووێت *﴿چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون﴾* هەروەها (بینین21: 4) دەفەرمووێت *﴿ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون﴾* (بینین22: 3) دەفەرمووێت *﴿ئیتر هیچ نەفرەت نامێنێت﴾*.

**ت) بانگهێشتی بۆ چوونە ژوورەوە.** پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، شاری ئۆرشەلیم کلێسا دەنوێنێت لە ئاسمان و لەسەر زەوی (گەلاتیا4: 24-27) (عیبرانییەکان 12: 22-24). هەروەها پێش گەڕانەوەی مەسیح دەروازەکان بە درێژایی کات کراوەیە چونکە کاتی نیعمەتی خودایە، کاتی بانگهێشت کردنی هەمووانە بۆ ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیحی خوداوەند بکەن و بچنە شاری ئۆرشەلیم کە هێمای کۆمەڵەی گەلی خودای باوەڕدار و پیرۆزە!

**پرسیاری 4** (21: 7-8). واتای چییە سەرکەوتووبین؟

**تێبینییەکان:** پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، (سەرکەوتن) کارێکی راسپێردراوە بۆ هەموو باوەڕدارێك لەسەر زەوی، بەرەنگاریە لەبەردەمی داندراوە! عیسای مەسیح دەفەرمووێت *﴿لە جیهاندا تەنگانەتان هەیە. بەڵام ورەتان بەرز بێت، جیهانم بەزاندووە﴾* (یۆحەنا16: 33). لە (بینین14: 17) دەخوێنینەوە *﴿ئەوانە لەگەڵ بەرخەکە دەجەنگێن و بەرخەکە دەیانبەزێنێت، چونکە گەورەی گەورانە و پاشای پاشایەکانە، ئەوانەی لەگەڵیدان بانگکراو و بژاردە و دڵسۆزن﴾* یۆحەنای نێرداو دەپرسێت و دەڵێت *﴿کێیە جیهان دەبەزێنێت؟ تەنها ئەوە کە باوەڕی هەیە کە عیسا کوڕی خودایە﴾* (1یۆحەنا5: 5). هەروەها دەربارەی لاوان

دەفەرموویت ﴿بۆ ئێوەم نووسی، لاوەکان، چونکە بەهێزن، وشەی خوداتان تێدا چەسپاوە و خراپەکارتان بەزاندووە﴾ (1یۆحەنا2: 14). لە (بینین12: 11) دەخوێنینەوە ﴿ئەوان بە خوێنی بەرخەکە و بە وشەی شایەتییان بەزاندییان، چونکە هەتا لە رووی مردنیش ژیانی خۆیان خۆشنەویست﴾ هەروەك پۆڵسی نێردراو دەفەرموویت ﴿بەڵام لە هەموو ئەمانەدا سەرکەوتنی تەواومان هەیە بەوەی خۆشی ویستووین﴾ (رۆما8: 37).

سەرکەوتن واتە خۆڕاگربیت لەگەڵ عیسای مەسیح خوداوەند لە هەموو بارودۆخێکدا و رێگا نەدەیت بە شەیتان و جیهانی گوناهبار دەوورت بکەنەوە لە خزمەت و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خودا. هەروەها واتا لە دژی لاوازی روحی بجەنگیت هەتا کۆتایی و بەرەنگاری ستەم ببیتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی کە دەدۆڕێن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن، ئەو بێباوەڕانەن کە پایە و ناوبانگی و خۆشی ئەم زەویەیان پێ باشترە لە رزگاربوون لەسەر زەوی نوێ.

**پرسیاری 5** کاتێك یۆحەنای نێردراو باسی خەونەکەی دەکات کە بە ئۆرشەلیمی نوێ بینی، باسی شوورە و دەرگا و بنچینە و گۆڕەپانی شارەکە دەکات. واتای ئەم بەشانەی شارەکە چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەم بەشانەی شارەکە هێمای گەلی خودا دەکات لە هەموو لایەنێکەوە.

**پرسیاری 6** (21: 12،17) واتای شوورە چییە؟

**تێبینییەکان:** شوورەی بەرز و مەزن بۆ پاراستنی گەلی خودا و ئاسایشیان بوو. ئەستووری شوورەکە 144باڵ بوو (نزیکەی65م). ژمارەکە لێرە هێماییە: خودا (بە نواندنی ژمارە3)، چوار گۆشەکانی زەوی (بە نواندنی ژمارە4)، گەلی خودا (بە نواندنی ژمارە12) بەپێی ژمارەی هۆزەکانی گەلی خودا لە پەیمانی کۆن و ژمارەی نێردراوەکان لە پەیمانی نوێ (بینین21: 12،14) تەواوی (بە نواندنی 12*12= 144). دواتر شوورە ئاماژە بە گەلی خودا دەکات بە درێژایی مێژوو (پێش گەڕانەوەی مەسیح، لەسەر زەوی نوێ پاش گەڕانەوەی مەسیح) لە ئاسایشدا دەمێنێتەوە لە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خودا. عیسای مەسیح فەرمووی ﴿کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت﴾ (یۆحەنا10: 28) هەروەها فەرمووی ﴿کەسیان لەناونەچوو﴾ (یۆحەنا17: 12)!

**پرسیاری 7** (21: 13-21 ،15) واتای دەرگاکان چییە؟

**تێبینییەکان:** دەرگاکان بۆ چوونە ناو ئەو کۆمەڵە گەلەی ژیانی هاوبەشییان هەیە لەگەڵ خودا. چونکە پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح هەرکەسێك جلی بە خوێنی بەرخ بشوشتبایە مافی چوونە ناو شاری هەبوو (بینین22: 14)! دەرگاکان هەرگیز داناخرێن. چونکە پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح رێکەوتێکی گەورە هەیە بۆ چوونە ناو کۆمەڵی گەلی خودا بە باوەڕەوە. دەرگاکان لە هەموو لایەك و ئاراستەیەك هەیە و خەڵك لە هەموو میللەتێك لە جیهان کۆدەکاتەوە (ئیشایا43: 5-7) (مەتا24: 14) (بینین5: 9). فریشتەکان دەرگاکان دەپارێزن تاوەکو ستەم و ستەمکاران نەچنە ناو شارەکەوە (بینین21: 27). ناوی دوانزە هۆزەکەی نەوەی ئیسرائیل لەسەر دەروازەکان نووسراون و ئاماژە دەکات بەو کەسانە دەکات کە تەنها ئەوان لە شارەکەدا دەژین ئەوانەن کە سەر بە گەلی خودان. ئەمەش واتای ئەوەیە کە تەنها ئەو کەسانە دەچنە ناو شارەکەوە کە ناویان لە پەرتووکی ژیانی عیسای مەسیح نووسراوە (بینین21: 27).

**پرسیاری 8** (21: 14) واتای بنچینەکان چییە؟

**تێبینییەکان:** بنچینەکان بۆ بەهێز کردنی شوورەی شارە. بنچینەکان هێمایە بۆ دوانزە نێردراوی مەیسح ئەوانەی کلێسای مێژوویان دامەزراند (ئەفەسۆس2: 20) (مەتا16: 18-19) (کردار1: 8). نێردراوان ئەو کەسانەن کە بە چاوی خۆیان عیسای مەسیحیان بینیوە و بە گوێی خۆیان گوێیان لێبووە، ئەوان بنچینەی راستەقینەی کلێسان (1کۆرینسۆس3: 11). بە شایەتی و نووسینەکانیان هەستان بە دانانی بنچینەی کلێسای مێژوویی و سەرنجی خەڵکیان راکێشا بۆ عیسای مەسیحی خوداوەند و بۆ ئۆرشەلیمی ئاسمانی. هەروەها بەردە بەنرخەکان کە بنچینەکان دەرازێننەوە (ئیشایا54: 11-12) (بینین21: 19-21) هێمایەکە بۆ جۆرەها دانایی خودا (ئەفەسۆس3: 10).

**پرسیاری 9** (21: 16) بۆچی شێوەی شارەکە لە خشتەك دەچێت؟ **تێبینییەکان:**

**ئـا وێنەی خشتەك.** شارەکە شێوەی خشتەکی مەزنی وەردەگرت (12000*12000*12000 ستادیە) (دوازدە هەزار ستادیە: نزیکەی دوو هەزار و دوو سەد کیلۆمەترە). بەڵام بە واتای وشەیی مەبەست لە شار نییە، هەروەها شێوەکەشی بە واتای وشەیی خشتەك نییە. پێشتر لە کتێبی پیرۆز ئاماژە بە شێوەی خشتەك پێکرابوو لە ڕێگای پێوانەی چێگای هەرەپیرۆز لە چادری ژواندا. هەروەها لە ڕێگای پەرستگای سلێمان (1پاشایان6: 20). لە کاتی پەیمانی کۆندا، چێگای هەرەپیرۆز — کە سندووقی پەیمانی تێدابوو — بە ماڵی خودا هەژمار دەکرێت بە هەموو شکۆمەندییەوە (1ساموئێل4: 4) (2پاشایان19: 15) (1پاشایان8: 10-11). لە پەیمانی نوێ، چێگای هەرەپیرۆز هێمایەکە بۆ هەمان ئاسمانە (عیبرانییەکان9: 12، 24).

**ب) هێمای گەلی خودا لەسەر زەوی ئێستا و لەسەر زەوی نوێ.** هەموو ئەو باوەڕدارانەی هەن لەسەر زەوی ئێستا — بە هێما- بە ﴿ئۆرشەلیمی سەرەوە﴾ واتە (ئاسمانی) هەژمار دەکرێن (گەلاتیا4: 26) هەروەها ﴿پەرستگایەکی پیرۆز لە خوداوەند﴾ (ئەفەسۆس2: 19-22) هەروەها ﴿ئۆرشەلیمی نوێ﴾ لە شێوەی ﴿چێگای هەرەپیرۆز﴾ لە پەرستگادا (بینین21: 1). ئەوان ماڵی خودا لە ڕێگای روحی پیرۆز دادەنێن (ئەفەسۆس2: 19-22)! ئۆرشەلیمی ئاسمانی شێوەیکی خشتەکی نییە، بەڵکو دیمەنی نموونەیی گەلی خودایە لەم سەردەمەدا پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح لەبەر ئەوەی ماڵی خودان (2کۆرینسۆس6: 16). لەسەر زەوی نوێ، کڵێسا (هەموو باوەڕداران) وەك ماڵی خودای شەوقدارە بە ڕووناکی شکۆی خودا (بینین21: 3، 11).

**پ) ژمارەی 12000.** ژمارەی 12000 ستادیە ئەنجامی جارانی 3*4*10*10*10 یە. چونکە ژمارە سێ هێمایە بۆ خودای (سێ ئەقنوم)، ژمارە 4 هێمایە بۆ (هەر چوار گۆشەی زەوی)، ژمارە 1000 کە دەکاتە 10*10*10 هێمایە بۆ تەواوی بێ سنوور. بۆیە ژمارە 12000 ئاماژە دەکات بە ئەنجامی تەواو و کۆتایی بۆ کاری ڕزگارکردن کە خودای (سێ ئەقنوم) بە درێژایی مێژوو ئەنجامیدا و لە ناو هەموو گەلەکانی جیهان. ئەم ئەنجامەش شانشینی خودایە ئەوکاتەی ژمارەی باوەڕداران لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ بەتەواوی دێتە دی (ڕۆما11: 25-26)، بەم شێوەیە. ئۆرشەلیمی ئاسمانی کە شێوەی خشتەك لەخۆ دەگرێت مەبەستی گەلی خودایە لە کتێبی پیرۆز، لەشێوەی نموونەیی و شێوەی گشتی لەبەر ئەوەی ئەنجامی کۆتایی و گشتییە بۆ کاری ڕزگاری ئەوەی خودای باوك، خودای کوڕ، خودای روحی پیرۆز ئەنجامیاندا.

---

**پرسیاری 10** (21: 9 ، 22: 2) واتای شەقام چییە؟

**تێبینییەکان:** وشەکانی (شەقام) و (ڕووبار) و (درخت) لە زمانی ڕەسەندا بە شێوەی تاك دێت، بەڵام دەکرێت واتای تاك و کۆ بدات. بۆیە بینینەکە تەنها یەك شەقام و یەك ڕووبار و یەك درخت دەرناخات بەڵکو شوێنێکی پڕ لە درخت و ڕووبار و شەقام! شەقام ئاماژە بە ئاسانی گەیشتن بە تەختی خودا و ڕووباری ژیان و درختی ژیان دەکات. شەقامەکە لە زێڕی خاوێن بوو کە لە کریستالی دەکرد، ئەمەش هێمایەکە بۆ پاکی و بێگەردی ئەو کەسانەی کە لە خودا نزیك دەبنەوە (یۆحەنا3: 19-21 ، 8: 12) و ژیانی هاوبەشییان هەیە لەگەڵ خودا (1یۆحەنا1: 5-7).

---

**پرسیاری 11** (21: 22) بۆچی لە شاری نوێ پەرستگا نییە؟ **تێبینییەکان:**

**ئـ ) پەرستگا پێش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح.** پێش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح، شکۆمەندی خودا بەڕۆژ لە هەور و بەشەو لە ئاگر لەسەر هەردوو (کروب)ی سەر سندووقی پەیمان دیار بوو، لە جێگای هەرە پیرۆز لە چەتری ژوواندا، یان لە پەرستگادا (دەرچوون25: 22 ، 40: 34- 38) (1ساموئێل4: 4) (2پاشایان19: 15).

**ب ) پەرستگا پاش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح.** پاش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح، هیچیتر پەرستگای دروستکراو بە دەستی مرۆڤ شوێنی مانەوەی خودا نەما (کردار7: 44-50 ، 17: 24-25). پەردەی پەرستگای ئۆرشەلیم بووە دوو لەت لە سەرەوە بۆ خوار بۆ ئاماژە کردن لەوەی لەو کاتە بەسەرەوە کە هەچ کەسێك باوەڕ بە عیسای مەسیح بێنێت دەتوانێت ڕاستەوخۆ نزیکك ببێتەوە لە خودا لە ڕێگای روحی پیرۆز (ئەفەسۆس2: 18، 3: 12) (عیبرانییەکان4: 14-16). هیچیتر جێگای هەرە

پیرۆز و پەرستگای پیرۆز نەما.

**پ ) شکۆمەندی خودا لە عیسای مەسیح دیار بوو.** پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، عیسای مەسیح وێنەیەکی بینراوە بۆ خودای نەبینراو (کۆلۆسی1: 15)، تیشکی شکۆی خودایە و وێنەی کرۆکیەتی (عیبرانییەکان1: 3) (یۆحەنا1: 14). پاش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، عیسای مەسیحی خوداوەند دەبێتە وێنەی بینراو بۆ خودای نەبینراو، باوەڕدارانیش دەتوانن هەموو کاتێك ڕوخساری خودا ببینن و ڕاستەخۆ ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ خودا هەبێت لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە. خۆشیان دەوێت و خزمەتی دەکەن، هەردەم ڕاستەوخۆ لە حزوری خودا دەبن (بینین22: 3-5).

**ت ) پەرستگای ڕاستەقینە لە ئۆرشەلیمی نوێ.** پەرستگا نییە لە کاتی ئێستا کە گەلی خودای نموونەیی تێدایە هەروەها لە داهاتوو کە گەلی خودای تەواوی تێدا دەبێت چونکە خودا و بەرخ (عیسای مەسحی خوداوەند) پەرستگای شارەکەن. هەروەها تیشکی شکۆی خودا هیچیتر تەنها تایبەت نییە بە جێگای هەرە پیرۆز یان شوێنێکی دیاریکراو، بەڵکو لە هەموو شوێنێك دەردەکەوێت لە ڕێگای جێنشینی عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵ گەلەکەی ئەگەر هاتوو لە سەر زەوی ئێستا بوو یاخود لەسەر زەوی نوێ. یەکەیەکی تەواو دەبێت لە نێوان خودا و گەلەکەی بە ڕادەیەك کە عیسای مەسیح خوداوەند خودای تواناداری پەرستگای گەلی خودان (بینین21: 22) (ئیشایا8: 14).

---

**پرسیاری 12** (21: 23 ، 22: 5) هۆی نەبوونی خۆر و مانگ و چرا چییە لە شاری نوێ؟

**تێبینییەکان:** خۆر و مانگ و چرا نابێت لە شارەکە چونکە خودا و عیسای مەسیح ڕووناکییەکەین. بۆیە عیسای مەسیح پێی دەوترێت (چرای شار) چونکە بە شێوەیەکی بینراو ڕوخساری خودا و سیفاتەکانی ئاشکرا دەکات (بینین22: 4) (یۆحەنا1: 4-5 ، 14: 9) (2کۆرینسۆس1: 15) و زانیاری خودای ڕاست و ڕزگاریکار دەگوازێتەوە بۆ باوەڕداران لەم سەردەمەدا پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، هەروەها لە شانشینی خودا لەسەر زەوی نوێ پاش گەڕانەوە.

**پرسیاری 13** (21: 24 - 27) ئەو نەتەوانە کێن کە لە ئۆرشەلیمی نوێدا هەن، چی دەهێننە ئۆرشەلیمی نوێ؟ **تێبینییەکان:**

**ئـ ) نەتەوەکان پێش گەڕانەوە.** پێش گەڕانەوە، زۆربەی نەتەوەکانی سەر زەوی عیسای مەسیح وەك خوداوەند و ڕزگارکار قبوول دەکەن و دەبنە بەشێك لە ئۆرشەلیمی ئاسمانی (مەتا24: 14) (بینین5: 9-10). خودا لە ڕێگای مەسیحی خوداوەندەوە دەپەرستن، بە هەموو شتێکی چاك لە کەلتووریان، بە هۆنراوە و مۆسیقا و گۆرانی وتن.

**ب ) نەتەوەکان پاش گەڕانەوە.** پاش گەڕانەوە، کە ئۆرشەلیمی ئاسمانی لە شێوەی ئۆرشەلیمی نوێ دێتە سەر زەوی نوێ، باوەڕداران لە هەموو هۆز و زمان و نەتەوەیێك پێکدێن و دەبنە گەلی خودا لە سەر زەوی نوێ تاهەتایی (بینین21: 3) گەلی خودا لەیەك ناچن و هەرگیزیش لەیەك ناچن. هەردەم جۆراوجۆریەکی گەورە هەیە لە نەتەوەکان و بەهرەکان و تواناکان. هەموو شتێك لە کەلتوورەکەیان تێپەڕی بە تاقیکردنەوەی ئاگری لێپرسینەوە (1کۆرینسۆس3: 12-15)، هەموو شتێکی ڕاست (فیلبی4: 8) دەبێتە بەشێك لە ئۆرشەلیمی نوێ. بیربکەوە لە زانست، بەهرە، مۆسیقا، گۆرانی، هونەر، نووسراوەکان، هەموو شتێك کە خودا شکۆدار دەکات. هیچ شتێکی خراپ و گەندەڵ ناچێتە ناو ئۆرشەلیمی نوێ (بینین21: 27) ئەوانەی دەچنە ئۆرشەلیمی نوێ تەنها ئەوانەن کە ناویان نووسراوە لە پەرتووکی ژیانی عیسای مەسیح (بینین 20: 5).

---

**پرسیاری 14** (22: 1) واتای ڕووباری ژیان چییە؟ **تێبینییەکان:** پێش گەڕانەوەی عیسای مەسیح (ڕووباری ژیان) ئاماژە بە جاردانی پەیامی ئینجیل دەکات بۆ ڕزگاربوونی هەموو جیهان و بەخشینی ژیانی تاهەتایی بۆ ئەوانەی کە ئارەزوویان هەیە بیخۆنەوە (یۆحەنا4: 10،14 ، 7: 38). پاش گەڕانەوەی عیسای مەسیح، (ڕووباری ژیان) ئاماژە بە تەواوی ڕزگاربوون دەکات کە خودا بە گەلەکەی دەیبەخشێت.

**پرسیاری** 15 ( 22: 2) واتای درەختی ژیان چییە؟

**تێبینییەکان:** پێش گەڕانەوە، درەختی ژیان و گەڵاکانی ئاماژە بە کاریگەری تەواوی مۆژدە دەکات و زۆری رزگاری خودا و شیفا دەهێنێت بۆ لەش و روح لەم سەردەمەدا لە کلێسای نموونەییدا. پاش گەڕانەوە، درەختی ژیان ئاماژە بە شیفای و تەواو دەکات بۆ هەموو ئەو ئازارانەی تاقیمان کردۆتەوە لە زەوی کۆن، هەروەها ئاماژە بە هەموو بەرەکەتە بەردەوامەکانی خودا دەکات کە هەموو پێداویستیەکانمان بۆ دابین دەکات و دڵشادمان دەکات و باسیش ناکرێت. چونکە لەسەر زەوی ئێستا مرۆڤ دەرکرا لە بەهەشت. بەڵام لەسەر زەوی نوێ بەهەشت لەناو شارەکەدا دەبێت.

**پرسیاری** 16 (22: 5) باوەڕداران دەبنە خاوەنی چی لە شاری نوێ؟

**تێبینییەکان:** ئەو باوەڕدارانەی کە لە شاری نوێ دەژین بەتەواوەتی راسپاردە سەرەکییەکەیان تێدەگەن، لەوەی دەسەڵاتداربن بەسەر سروشتی جوان و هەموو شتێك کە خواد دروستی کردووە (پەیدابوون1: 26 ، 28).

**پرسیاری** 17 بەڕای تۆ وەك باوەڕدارێك بەشەکانی (21 و 22) پەرتووکی بینین، گرنگی چییە بۆ ژیانت؟

**تێبینییەکان:** بەشەکانی (21 و 22) پەرتووکی بینین فێرم دەکەن وەڵامی پرسیاری (بۆ کوێ دەڕۆم؟) بدەمەوە. بێگومان عیسای مەسیحی خوداوەند دەبینم لەکاتی گەڕانەوەی. هەروەها خودا لەشم زندوو دەکاتەوە و لە بەردەمی رامدەگرێت لەبەر پێشکەشکردنی لێپرسینەوە سەبارەت بە ژیانم لەسەر زەوی. بەم شێوەیە دەگۆڕێم و دەبمە هاوشێوەی عیسای مەسیحی خوداوەند، تاهەتایی لە حزوری خودای بینراو دەژیم لە رێگای عیسای مەسیحی خوداوەندەوە لەسەر زەوی نوێ. لەوێ ژیانی هاوبەشیم دەبێت لەگەڵ خودا، دەیپەرستم، خزمەتی دەکەم، لە شانشینی حوکمڕانی دەکەم لەگەڵی لەسەر زەوی. پاشان، داهاتوویەکی جوان چاوەڕێم دەکات.

هەنگاوی 4 : ئەنجام بدە

**بیربکەرەوە:** کام لەو راستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی رەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداری کردن:** وەرن با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو رێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە (بینین21: 1-22: 6) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو رێکخستنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیت بە رێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم رێکخستنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی رێکخستنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك راستی جیاواز رێکدەخەن: یاخود لە خودی راستییەکە رێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە رێکخستنە پێشنیارە کراوەکان).

نموونەی رێکخستنی پێشنیارە کراوەکان.

| | |
|---|---|
| 21: 1-3 | بە پەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی عیسای مەسیح دەکەم کە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ دەبنە راستییەك. |
| 21: 4 | لەیادم ناچێت کە هەموو فرمێسك و بێتاقەتی ئێستام شتی کاتین و راستی تەواو چاوەڕێم دەکات! |
| 21: 7-8 | دەبمە کەسێکی براوە و سەرکەوتوو. |
| 21: 16 | تەنها بۆ شتێك هەوڵ دەدەم، لە حزوری خودابم هەموو رۆژانی ژیانم، رابمێنم لە سیفەتە جوانەکانی خودا. |
| 21: 17 | گومانم نییە لەوەی عیسای مەسیحی دەمپارێزێت، هەروەك چۆن شووره‌ی شار دەپارێزێت (یۆحەنا 17: 21). |
| 21: 18-21 | بە دانایە جیاوازەکانی خودا بانگهێشت دەکەم (ئەفەسۆس3: 10) (یاقوب3: 17). |
| 21: 22 | هەموو باوەڕدارانی جیهان وەك پەرستگایێك دەبینم کە خودا بە روحی پیرۆز تێیدا نشتەجێ دەبێت (ئەفەسۆس2: 22). |
| 21: 23 | بە بەردەوامی هەوڵ دەدەم زیاتر خودای زیندوو بناسم لە رێگای رامان لە روخساری عیسای مەسیحی |

21: 25 به خه‌ڵكانیتر راده‌گه‌یه‌نم كه ده‌رگاكان هێشتا كراوه‌ن و كات هێشتا گونجاوه بۆ په‌سه‌ند كردنی نیعمه‌تی خودا كه به رزگاركردن خۆی ده‌نوێنێت (لۆقا4: 17-21).

21: 26 ئه‌وه‌ی ده‌یكه‌م ( خوێندن، كار، په‌یوه‌ندیه‌كانم، هتد…) وه‌كو ئه‌وه بۆ خودی خودا ده‌یكه‌م (كۆلۆسی1: 16 ، 3: 17).

21: 27 له هه‌موو هه‌ڵسوكه‌وته هه‌ڵه و بێنرخه‌كان رزگار ده‌بم.

22: 2 رێگا به رابردوو ده‌ده‌م زام و ئازاره كۆنه‌كانم تیمار بكات.

22: 3 به شوێن هه‌نگاوه‌كانی عیسای مه‌سیح ده‌رۆم له‌ژیانم له‌سه‌ر ئه‌م زه‌ویه، بۆ ئه‌وه‌ی خزمه‌ت بكه‌م نه‌وه‌ك خزمه‌ت بكرێم (مه‌رقۆس10: 45).

---

نموونه‌ی رێكخستنی كه‌سی.

ئـ) ده‌مه‌وێت له‌بیرم بێت كه من نامۆم و له‌سه‌ر زه‌وی ئێستا لاده‌چم، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌ڵاتی راسته‌قینه‌م له ئۆرشه‌لیمی ئاسمانییه. ئه‌مه یارمه‌تیم ده‌دات كه زۆر به‌و شتانه سه‌رقاڵ نه‌بم كه له‌م جیهانه‌دایه. من ده‌مه‌وێت گه‌نجینه‌یه‌ك بۆ خۆم دابین بكه‌م له ئاسمان (مه‌تا6: 19-21) (كۆلۆسی3: 1-4).

ب) ده‌مه‌وێت له ماوه‌ی ژیانم له‌سه‌ر زه‌وی- ئه‌وه كاره بكه‌م كه له داهاتوو له‌سه‌ر زه‌وی نوێ ده‌یكه‌م. من ده‌مه‌وێت ژیانی هاوبه‌شم هه‌بێت له‌گه‌ڵ خودا، بیپه‌رستم و خزمه‌تی بكه‌م، خه‌ڵكی بێنمه شانشینه‌كه‌ی و هه‌موو ئه‌و كارانه بكه‌م كه شكۆمه‌ندی ده‌كات. هه‌روه‌ها ده‌مه‌وێت له هه‌موو شتێك زیاتر شانشینی خودا داوا بكه‌م (مه‌تا6: 33).

هه‌نگاوی 5 نزا بكه.

با به نۆره نزا به‌رزبكه‌ینه‌وه بۆ خودا، هه‌ر كه‌سێك بۆ راستییه‌ك نزا بكات كه خودا له رێگای (بینین21: 1-22: 6) فێرمانی كرد. (له نزاكه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌و شته وه‌ڵامدانه‌وه‌ت هه‌بێت كه له وانه‌ی ئه‌م په‌رتووكه فێری بوویت. مه‌شق بكه‌ن له‌سه‌ر نزای كورت كه له رسته‌یه‌ك یاخود دوو رسته پێكبێت. له بیرت بێت كه ئه‌ندامانی هه‌ر گروپێك ده‌توانن بۆ شتی جیاواز نزا بكه‌ن)

## نزا

له گروپی دووانی یاخود سیانی، نزا به‌رز بكه‌نه‌وه له پیناوی یه‌كتری و هه‌موو جیهان.

## ئه‌ركی ماڵی بۆ وانه‌ی داهاتوو

رابه‌ری گروپ: ئه‌م ئه‌ركه‌ی خواره‌وه به نووسراوی بده ئه‌ندامانی گرووپه‌كه‌ت، یاخود داوایان لێبكه له په‌راوه‌كانیان بینووسنه‌وه.

**بەڵێن:** به‌ڵێن بده یه‌كێك له رێخستنه‌كان ئه‌نجام بده‌یت.

**خه‌ڵوه‌تی روحی:** هه‌موو رۆژێك كاتێك به‌سه‌ر به‌ره له خه‌ڵوه‌تی روحی. رۆژانه نیو به‌شی (یۆحه‌نا7: 53-11: 37) بخوێنه. شێوازی راستی په‌سه‌ندكراو به‌كار بهێنه. تێبینییه‌كانت بنووسه.

**ده‌رخ كردن:** وردبه‌ره‌وه له ئایه‌ته كتێبییه نوێكان و ده‌رخیان بكه. (په‌نده‌كان3: 5-6). هه‌موو رۆژێك پێداچوونه‌وه‌یه‌ك بكه له‌و ئایه‌ته كتێبییانه‌ی ده‌رخت كردووه.

**نزا:** ئه‌م هه‌فته‌یه سه‌باره‌ت به شتێك یاخود كه‌سێكی دیاریكراو نزل بكه، چاوه‌روانبه خودا چی ده‌كات (زه‌بووری5: 3).

**زانیاریه نوێكان بنووسه‌وه له په‌راوی** تایبه‌ت به قوتابیتی. ئه‌و تێبینییانه‌ت بنووسه كه په‌یوه‌ندی هه‌یه به خه‌ڵوه‌تی روحی، ده‌رخ كردن، خوێندنه‌وه‌ی كتێبی، ئه‌م ئه‌ركه ماڵییه.